# مامۆستایانی هەولێر داوای زیادکرنی مووچە دەکەن

چەند رۆژێکە ژمارەیەك مامۆستا لە شاندی هاوبەشی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان مەکتەبی سکرتاریەت و مامۆستایانی پیشەیی و مامۆستایانی یەکگرتوو و زەحمەتکێشان سەرقاڵی فشار خستنە سەر حکومەتی هەرێمن لە هەولێر بۆ ئەوەی مووچەی مامۆستایانی هەولێریش بە ئەندازەی مووچەی مامۆستایانی سلێمانی بەرزبکرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش تا ئێستا چەندین جار یاداشتیان داوەتە حکومەت و پەرلەمان بەلاَم تا ئێستا لە پێدانی گفت شتێکی تر نەکراوە. ئەمەش دەقی یاداشتەکەیە .

یەکێتی مامۆستایانی کوردستان
مەکتەبی سکرتاریەت

اتحاد معلمي كوردستان
مكتب السكرتارية

ژمارە/ 390
بەروار/ 2005/8/10

بۆ ڕێزدار/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستان
/ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
/ وەزارەتی پەروەردە
/ وەزارەتی دارایی ونابووری

**ب / یاداشت**

سلاَوی پەروەردەو زانست..

ماوەیەك لەمەوبەر کۆمەڵێك کێشەی مامۆستایان هەبوو خرایە بەردەم بەرێزان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە کە(14) خاڵ بوو،بەسوپاسەوە بەشێك لەداواکانی مامۆستایان جێبەجێ کرا کەبووە مایەی خۆشحاڵیمان و یەکێك لەو کێشانەش کەمایەوە گرفتی جێبەجێکردنی سیستەمی مووچەی مامۆستاو پەروەردەکاران بوو،ئێستاش جەماوەرێکی زۆری مامۆستایانی کوردستان لەهەولێر یاداشتێکیان بەرزکردۆتەوە لەمەڕ کێشەی جیاوازی سیستەمی مووچە لەهەرێمی کوردستان لەنێوان هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی ،بەتایبەتیش ئەوانەی کەسالاَنی خزمەتیان لە(25) ساڵ زیاترەزۆر زیادی کردووەلەئیدارەی سلێمانی وپەیڕەو کراوە و ئەو بەرنامەیەش لە 2005/1/1 وە کاری پێکراوە.

بۆیە پشتگیری لەداواکانی مامۆستایانی هەولێر دەکەین وداواکارین لەبەڕێزتان چارەسەرێك لەم کێشەیە بکرێت وئاگاداری بەڕێز سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی بکرێت تاکو چاو بەسیستەمی مووچەی مامۆستایانی هەولێر ودهۆکیش دا بخشێننەوە ولەئیدارەی سلێمانی مووچە کەمتر وەرنەگرن ویەکبخرێت .. دووبارە ڕێزو تەقدیرو سلاَوی گەرمان قبوڵ بفەرموون .. لەگەڵ ڕێزماندا..

عفان نەقشبەندی
سەرۆکی ( ی.م.ك )
2005/8/10